www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2-7-2006 0:25

## سەرگوزشتەی دەستەیەکی بودەڵە... دیمەنی سی یەم: پرسەی شەهیدێک ... ئامانج عەبدوڵا سوور

ماوەی رابردوو نوسەری هێژاو ماۆمستای خۆشەویستمان کاک جەمەرەشید هەرەس بیرەوەریەکانی خۆی نوسیەوە ئەوەدەمەی کەبێژەربووە لەدەنگی کوردستان جگەلەوەی دیوی راسیتەکانی ئەودەمەی بۆ گێرایەنەوە بەشێوازێکی هێند ئەکادیمی بابەتەکەی نوسیبوو کەسەرنجی خوێنەری بەلای خۆی دا کێش ئەکرد ئەوەی مەبستمە بیدرکێنم من سودی زۆرم لەخوێندەنەوەی وەرگرت، بەرێزیان بەرلەنوسینەوەی هەردیمەنێکی بیرەوەریەکەی هەموو ئەوانەی بەیاد ئەهێنایەوە کە بەسەریان کردبووەوە بەندەش لەوە بی بەش نەبووم لەدیمەنی دوانزەدا سوپاسێکی هێند جوان وناسکی کردم کەتاهەتایە شانازی پێوە دەکەم وابەوپێ، شوێنەوە منیش چ رازونیازم لەسەر ئەم بابەتە بۆ هاتبی بەرلەنوسینەوەی ئەیدرکێنم بەتایبەتی ئەو سەرنجانەی زۆر کاریگەرن...

دوێنی دۆستی خۆشەویست وهاورێی چەند ساڵەم نوسەری گەنج کاکە زمناکۆی بورهان قانیع کورتە نامەیەکی بۆ نوسیوم لەسەر ئەم بابەتە وابەئامانەتەوە بڵاوی دەکەمەوە (ئامانج گیان وام ئەزانی نوسەریت نەمزانی کادری حزبیت) هەرکەکورتە نامەکەم خوێندەوە راچڵەکیم وخێرا پەیوەندیم پێوە کرد ئەو رای وابوو کەمن لەبواری ئەدەبی دا دەستێکی باڵام هەیەو ئیدی چیم داوە بەسەر لایەنی سیاسیەوە بەرهەبار دەست خۆشی لی دەکەم دیارە من هەرچی داناو ووشیارێک رەخنەم لی بگرێت بەهەندی وەرئەگرم لی خوازیارم کاکە زمناکۆ بەهەناسەی دۆستەکانی رەهەند وکاریگەریان بەسەرسیەوە ئەم رەخنەیەی نەگرتبی، لی دەبی ئەوەش بزانین ئاخر ناسۆری نەتەوەیەک ئەخوازی سەرگوزستەکانی لەبیرنەکەی هەرکەس بەهەناسەی خۆی، تۆش زمناکۆ گیان دەستەکانت توند ئەگوشم... وادێمەسەر دیمەنی سی یەم کەکرۆکی بابەتەکەمانە..

ئەوکاتەی لەسەر چەرپای نەخۆشخانەیەک لەتاراوگە نزیکی مەرگ ببوەوە بەنامە هاوەڵەکانی بەسەر ئەکردەوە ئێوە تۆویی گوڵی دەم بان گەورهەرن لەناو قوراودا عەلین بۆمن سەد داخ لەکوفەیەکی تر سەرتان دەرهێناوە تکاتان لی دەکەم من باوەشم بۆ مەرگ کردۆتەوە ئێوەش خۆتان وشیری خۆتان ئەمەی پێکمان هێنا بۆ مێژوو زۆرە دەست بەبیروباوەرتانەوە بگرن پیاوی ناکەس بەچەو دۆراو پەیتان پی نەبا، .... .. ، ئامۆژگایەکانی تەواو نەببون مەخابن کۆچی دوایی کرد جائەم شەهیدە سەرکردەیە لەدۆخێکدا پرسەیان بۆ گرت کەهێشتا داگیرکەر حاکم بو، یەکێک لەوپیاوە بەرزانەی کەهەنوکە لوت لەئاسمانە و هەوای باڵا خۆی ئەدات سەری بەپرسەکەی دا نەکردو رۆژانە بەدەوری ماڵەکەی دا ئەسورایەوەو بەدۆستێکی ئەوت ئەوە پرسەکە لەکوێیە؟؟هەڵبەت بۆئەوەی بۆ ئەمرۆ شاهیدی رۆڵی کارامەی بۆ بدات، ئەمرۆ گەر ساڵیادی ئەم شەهیدە بکرێتەوە هەرئەوە وتاری شەهیدی بۆ ئەخوێنێتەوە!!

ئەگێرنەوە شاعیرێکی خۆمان هاوەڵی کورەکەی ئەحمەد حەسەن بەکر بوو هەرئەویش لەسەر کارێکی باش دایمەزراند چیدی ئەمە پێی ناوێ هیچی لەبارەوە بڵێت ئێوە خۆتان بریار بدەن کەچی ئێستا بیرەوەریەکانی ئەهۆنێتەوە لێمان بووە بەگێڤارای کورد!!!!!!!!!!!